# تحليل جغرافي للتوزيع البيئي للسكان في قضاء كفري بين عامي (١٩٧٧-٢٠١٩)

١. سوران جلال فرج

٢. أ.د. سروة جلال حمه

١ قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان، العراق.

٢ قسم الجغرافيا، كلية العلوم الإنسانية، جامعة السليمانية، السليمانية، إقليم كردستان، العراق.

1. Jalalsoran786@gmail.com
2. Srwa.hama@univsul.edu.iq

الكلمات المفتاحية: جغرافية , السكان , كفري , قضاء , تحليل

كيفية اقتباس البحث

فرج , سوران جلال , سروة جلال حمه , تحليل جغرافي للتوزيع البيئي للسكان في قضاء كفري بين عامي (١٩٧٧-٢٠١٩) ,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آيار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٥ .

هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# تحليل جغرافي للتوزيع البيئي للسكان في قضاء كفري بين عامي (١٩٧٧-٢٠١٩)

# Geographical analysis of the environmental distribution of the population in Kifri district between the years (1977-2019)

**Soran Jalal Faraj**
**Prof. dr. Sarwa Jalal Hama**

[1] **Department of Geography, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.**

[2] **Department of Geography, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq**

1. Jalalsoran786@gmail.com
2. Srwa.hama@univsul.edu.iq

**Keywords** : Geography, Population, Kafri, District, Analysis

**How To Cite This Article**
Faraj , Soran Jalal , Sarwa Jalal Hama ,Geographical analysis of the environmental distribution of the population in Kifri district between the years (1977-2019) ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, May 2026,Volume:16,Issue 5.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Summary
The environmental distribution of the population in Kafri District for the period between 1977 and 2019 is one of the main pillars of the subject of population geography, as it illustrates the relationship between the population and their place of residence. This study attempts to shed light on the changes that occurred in the district's population, as well as to identify and analyze the factors behind these changes. Given the importance of the topic and the influence of the study area (Kafri District), which borders areas under the control of the Iraqi government,

political factors have historically played a role in the environmental distribution of the population in Kafri District, because any political and military instability had an impact on the study area. For example, in 1987, at the start of the Anfal campaigns by the Baath regime, most villages were destroyed, and their inhabitants were forcibly relocated to collective settlements.

The aim of the study lies in showing the variation in the environmental distribution of the population of Kafri District, clarifying the role of various factors, whether natural or human, in the district, as well as the environmental changes, and presenting these changes through maps, images, and tables in order to reach the study's conclusions. Additionally, it aims to achieve balance in the environmental distribution of the population in the district so that officials can benefit from it when developing any plan aimed at developing, revitalizing, and advancing the area.

Every scientific research requires multiple methodologies, so in this study, I used the (analytical and comparative) methodology. This study reached several conclusions, including the change in the proportion of urban population in Kafri district, where the urban population percentage in 1977 was 33% of the total district population. However, this percentage rose in 2019 to 66%, because Kafri district serves as a center for most diverse services, which is considered a major factor in attractingpeople.

The rural population declined during the study period, with the rural population percentage in 1977 being 67%, but this percentage decreased significantly in 2019 to 34% due to the political situation in the region and the relocation of its residents to forced settlements.

The distribution of urban and rural populations varied between administrative units. In 1977, the population of the central subdistrict accounted for 92% of the total urban population in the subdistrict, while the rural population was 8%, resulting in an 84% difference, which is substantial. Similarly, in 2019, the urban population reached 98%, whereas the rural population was 2%, making the difference 96%, which

is a high percentage. This is due to the migration of people from villages to administrative units.

Population change indicators differ between urban and rural areas from year to year, with this variation being greater in rural areas than in urban areas. It is also observed that change indicators in urban areas always represent a set of positive values, whereas in rural areas they were negative values, reaching 79.2 people during the study years (1977-2019). In urban areas, this rises to 602.8 people, then decreases in rural areas to reach -523 people. More clearly, the extent of variation between population growth index values at the level of the district population in general, and in urban and rural areas in particular, can be expressed through population change ratio indicators. The percentage change in the district population during the study years was 61.2%, the percentage change in the urban population was 152.6%, while in rural areas this percentage reached 53-%.


الملخص:-

يعد التوزيع البيئي للسكان في قضاء كفري للمدة ما بين السنوات (١٩٧٧-٢٠١٩) أحد الأركان الرئيسية لموضوع جغرافية السكان، لأنه يوضح العلاقة بين السكان ومكان إقامتهم. تحاول هذه الدراسة تسليط الضوء على التغيرات التي طرأت على سكان القضاء، فضلاً عن تحديد وتحليل العوامل التي كانت تكمن وراء تلك التغيرات. نظراً لأهمية الموضوع وتأثير منطقة الدراسة (قضاء كفري) التي تحاذي المناطق الخاضعة لسيطرة الحكومة العراقية، حيث كان للعامل السياسي دور على مر التاريخ في التوزيع البيئي للسكان في قضاء كفري، لأن أي عدم استقرار سياسي وعسكري كان له تأثير على منطقة الدراسة، على سبيل المثال في عام (١٩٨٧) وإبان بدء حملات الأنفال من قبل نظام البعث، هُدمت معظم القرى ورُحل سكانها إلى المجمعات القسرية.

يكمن هدف الدراسة في إظهار التباين في التوزيع البيئي لسكان قضاء كفري مع بيان دور العوامل المختلفة سواء كانت طبيعية أو بشرية في القضاء، وكذلك ذلك التغير البيئي وعرض التغيرات عن طريق الخرائط والصور والجداول بهدف التوصل إلى نتائج الدراسة، وكذلك لتحقيق التوازن في التوزيع البيئي للسكان في القضاء لكي يتم الاستفادة منها من قبل المسؤولين عند وضع أي خطة تهدف إلى تطوير وإنعاش وتقدم المنطقة.


مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

كل بحث علمي يحتاج إلى عدة مناهج، لذا استخدمتُ في هذا البحث المنهج (التحليلي، والمقارن). توصلت هذه الدراسة إلى عدة استنتاجات، منها تغير نسبة السكان الحضر في قضاء كفري، حيث بلغت نسبة الحضر في عام (١٩٧٧) (٣٣%) من إجمالي سكان القضاء، لكن هذه النسبة ارتفعت في عام (٢٠١٩) إلى (٦٦%) لأن قضاء كفري يمثل مركزاً لمعظم الخدمات المتنوعة مما يُعد عاملاً رئيسياً لجذب السكان.

تراجع السكان الريفيين خلال مدة الدراسة، بحيث بلغت نسبة السكان الريفيين في عام (١٩٧٧) (٦٧%)، لكن هذه النسبة انخفضت بشكل ملحوظ في عام (٢٠١٩) إلى (٣٤%) بسبب الأوضاع السياسية للمنطقة وترحيل سكانها إلى المجمعات القسرية.

تباين توزيع السكان الحضر والريف بين الوحدات الإدارية، بحيث شكّل سكان ناحية المركز في عام (١٩٧٧) ما نسبته (٩٢%) من إجمالي سكان الحضر في الناحية، في المقابل بلغ السكان الريفيون (٨%)، وبذلك بلغ الفارق بينهم (٨٤%) وهو فارق كبير. وبنفس الشكل، بلغ سكان الحضر في عام (٢٠١٩) (٩٨%)، في المقابل بلغ سكان الريف في عام (٢٠١٩) (٢%)، وبذلك أصبح الفارق بينهم (٩٦%) وهي نسبة عالية، ويعود السبب إلى هجرة السكان من القرى إلى الوحدات الإدارية.

تختلف مؤشرات التغير السكاني بين المناطق الحضرية والريفية من سنة لأخرى، حيث أن هذا التباين في المناطق الريفية أكبر مما هو عليه في المناطق الحضرية، كما يُلاحظ أن مؤشرات التغير في المناطق الحضرية تمثل دائماً مجموعة قيم موجبة، لكنها في المناطق الريفية كانت قيماً سالبة، حيث بلغت خلال سنوات الدراسة (١٩٧٧-٢٠١٩) (٧٩,٢) شخصاً، بحيث ترتفع في المناطق الحضرية لتصل إلى (٦٠٢,٨) شخصاً، ثم تنخفض في المناطق الريفية لتصل إلى (٥٢٣-) شخصاً. وبشكل أوضح يمكن التعبير عن مدى التباين بين قيم مؤشر نمو السكان على مستوى سكان القضاء بشكل عام والمناطق الحضرية والريفية، عن طريق مؤشرات نسبة التغير السكاني، بحيث كانت نسبة تغير سكان القضاء خلال سنوات الدراسة (٦١,٢%)، وكذلك نسبة تغير السكان الحضر (١٥٢,٦%)، إلا أن تلك النسبة في المناطق الريفية وصلت إلى (٥٣_%).

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆدابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان لەقەزای کفری لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٩)

سۆران جلال فرج [١] ، پ.ی.د. سروە جلال حمە [٢]

١ بەشی جوگرافیا ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان ، عێراق.

٢ بەشی جوگرافیا ، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان ، زانکۆی سلێمانی ، سلێمانی ، هەرێمی کوردستان ، عێراق.

3. Jalalsoran786@gmail.com
4. Srwa.hama@univsul.edu.iq

پوختە:

دابەشبونی ژینگەی دانیشتوان لەقەزای کفری لەماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٩_١٩٧٧) دا یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکیەکانی بابەتی جوگرافیای دانیشتوان دادەنرێت، چونکە پەیوەندی نێوان دانیشتوان وشوێنی نیشتەجێ بوونیان دەخاتە ڕوو، ئەم توێژینەوە هەوڵدەدات ئەو گۆڕانکاریانەی کەبەسەر دانیشتوانی قەزاکەدا هاتووە بیخاتە ڕوو. سەرباری دیاربکردنی شیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی کەلە پشت ئەو گۆڕانکاریانەوە بوون ، لەبەرگرنگی بابەتەکەو کاریگەری ناوچەی توێژینەوە(قەزای کفری کە هاوسنورە لەگەڵ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی کە بە درێژای مێژوو فاکتەری سیاسی ڕۆڵی هەبووە لەسەر دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەقەزای کفری چونکە هەرنائارامیەکی سیاسی و سەربازی کاریگەری هەبووە لەسەر ناوچەی توێژینەوە بۆ نموونە لەساڵی(١٩٨٧) و لەسەروبەندی دەسپێکی شاڵاوی ئەنفال لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە زۆربەی گوندەکان ڕووخان و دانیشتوانەکەیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان ڕاگوێزران. ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی جیاوازیە لەدابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی قەزای کفری لەگەڵ خستنە ڕووی ڕۆڵی فاکتەرە جیاوازەکان چ سروشتی بن یان مرۆی لەقەزاکەدا، هەروەها ئەو گۆڕانکاریە ژینگەیەو نیشاندانی گۆڕانکارییەکان لەڕێگەی نەخشەو وێنەو خشتەوە بەمەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامی توێژینەوەکە، هەروەها بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەقەزاکە بۆ ئەوەی لەلایەن لێپرسراوانەوە سودی لێوەربگیرێت لەکاتی

دانانی هەرپلانێک بەمەستی پەرەپێدان و بوژاندنەوەو بەرەو پێشچوونی ناوچەکە داپرێژرێت. هەموو توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بەچەند میتۆدێکە بۆیە لەم توێژینەوەدا میتۆدی (شیکاری، بەراوردکاری) م بەکارهێناوە، ئەم تویژینەوە بەچەند دەرئەنجامێک گەیشتووە، لەوانە گۆرانی ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لەقەزای کفری لەساڵی(١٩٧٧) ڕێژەی شارنشین دەکاتە(٣٣%)لەکۆی دانیشتوانی شار نشینی قەزاکە بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی(٢٠١٩) بەرز دەبێتەوە بۆ(٦٦%) چونکە قەزای کفری سەنتەری زۆربەی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکانە کە بە فاکتەری سەرەکی ڕاکێشانی دانیشتوان دادەنرێت.داکشانی دانیشتوانی گوند نشینی لەماوەی توێژینەوەکەدا بەجۆرێک لە ساڵی(١٩٧٧) ڕێژەی دانیشتوانی گوند نشین دەکاتە (٦٧%) بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی(٢٠١٩) بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بۆ(٣٤%) بەهۆی بارو دۆخی سیاسی ناوچەکە و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکان. جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەنێوان یەکەکارگێرییەکان بەجۆرێک ناحیەی سەنتەرلەساڵی (١٩٧٧) لە(٩٢%) کۆی دانیشتوانی شار نشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، لە بەرامبەردا دانیشتوانی گوندنشینی دەکاتە(٨%) بەمەش جیاوازی نێوانیان دەکاتە(٨٤%) ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە بەهەمان شێوە دانیشتوانی شارنشین لەساڵی(٢٠١٩) دەکاتە(٩٨%) لەبەرامبەر دا دانیشتوانی گوندنشینی لەساڵی (٢٠١٩) دەکاتە (٢%) بەمەش جیاوازی نێوانیان دەکاتە (٩٦%) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە هۆکاری بۆ کۆچی دانیشتوان دەگەڕێتەوە لە گوندەکانەوە بۆ یەکەکارگێرییەکان، ئاماژەکانی گۆرانی دانیشتوان لە نێوان ناوچەی شارنشین وگوندنشیندا لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، وەک ئەم جیاوازییە لەناوچەی گوندنشین زیاترە وەک لەشارنشین، هەروەها تێبینی دەکرێت ئاماژەکانی گۆڕان لەناوچەی شارنشین هەمیشە کۆمەڵە بەهایەکی موجەبن بەڵام لەناوچەی گوندنشین بەهای سالبە،قەبارەی زیادبوونی ساڵانەلەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا (١٩٧٧_٢٠١٩) گەیشتۆتە(٧٩,٢) کەس، بەشێوەیەک لە ناوچەی شارنشین بەرزدەبێتەوە دەگاتە (٦٠٢,٨)کەس، پاشان لەناوچەی گوندنشین نزم

دەبێتەوە دەگاتە (-٥٢٣) کەس، بە شێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین گوزارشت لە ڕادەی جیاوازی لەنێوان بەهاکانی ئاماژە گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی دانیشتوانی قەزاکە بەگشتی و ناوچەی شارنشین و گوندنشین



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بکرێت، لەڕێگەی ئاماژەکانی ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانن بەشێوەیەک ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی قەزاکە لەماوەی ساڵانی توێژینەوە بریتی بووە لە(٦١,٢%) هەروەها ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین (٦,١٥٢%)، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەی گوندنشین گەیشتۆتە (٥٣_%).

**کلیله ووشه:** دابەشبوون/ ژینگەی / قەزای کفری.

## پێشەکی:

مەبەست لە دابەشبوونی ژینگەیی جیاکردنەوەیە لە نێوان ئەو ڕووبەرە زەویانەی کە دانیشتوان لەخۆدەگرێت وە هەندێکیان بە گوند دادەنرێن ئەوانی دیکە بەشار هەروەها جیاکردنەوەیە لە نێوان کۆمەڵانی دانیشتوان کە هەندێکیان دانیشتوانی شارن و ئەوانی تریشیان دانیشتوانی گوندن بەڵام دانیشتوانی شار لە گوندنشین لە ڕووی دابەشبوون و چڕیان و شێوازی ژیانیان جیاوازن وێرای پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی گەشەیان[١]. بوونی هەرکۆمەڵگەیەکی مرۆڤیش پەیوەستە بەوزەویەی کەلەسەری دەژین ڕۆڵی جوگرافیا ئاشکراکردنی ئەو چالاکیانەیە کە دەبێتە هۆی پەیوەست کردنی دانیشتوان و زەوی پێکەوە، ناوچەی توێژینەوە وەکو ناوچەکانی تری جیهان ڕووبەڕووی ئەم گۆڕانکاریە ژینگەیە بووەتەوە کە ئەمەش لەیەکەیەکی کارگێڕیەوە بۆیەکەیەکی ترو لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆوە بینیوە چ لەسەر ئاستی قەزاکە بێت یاخود لەسەرئاستی یەکەکارگێڕییەکان کەلە ماوەی لێکۆڵینەوەکەمان بەپوختی ئاماژەی پێ دەدەین.

## ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە بریتیە لە دەرخستنی گۆڕان جیاوازی دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی قەزای کفری ، لەگەڵ خستنە ڕوو دەرخستنی ڕۆڵی فاکتەرە جوگرافییەکان چ سروشتی بن یاخود مرۆی لەو قەزایەدا، هەروەها بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لەدابەشبوونی ژینگەی دانیشتوانی قەزاکە بۆ ئەوەی لەلایەن لێپرسراوانەوە سودی لێوەربگیرێت لەکاتی دانانی هەرپلانێک بەمەستی پەرەپێدان و بوژاندنەوەو بەرەو پێشچوونی ناوچەکە داپرێژرێت.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە لایەنێکی گرنگی جوگرافیای دانیشتوان بەدیاردەخات، هەروەها دەرخستنی جیاوازی و گۆرانی ژینگەی دانیشتوان لەناوچەی توێژینەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر.

**کێشەی توێژینەوە:**

کێشەی توێژینەوەکە بریتیە لە نەبوونی هاوسەنگی لەدابەشبوونی دانیشتواندا بەسەر بەشەجیاوازەکانی ناوچەی توێژینەوە، دەکرێت ڕوونکردنەوەی زیاتری تایبەت بەم کێشەیە لەم چەندخالەی خوارەوە بخینە ڕوو:

١. ئایا هاوسەنگی لە دابەشبوونی دانیشتوان لەناوچەی توێژینەوە هەیە؟
٢. ئایا لە ماوەی توێژینەوە جیاوازی لە ڕێژەی شارنشین و گوند نشین هەبووە؟
٣. ئایا هیچ گۆرانکارییەک لەدابەشبوونی ژینکەی دانیشتوان ڕوویداوە؟

**گریمانەی توێژینەوە:**

گریمانەی توێژینەوە، بریتین لە وەڵامدانەوەیەکی پێشوەختی کێشەی توێژینەوەکە، یاخود ڕەنگە گریمانەکان بەشێکیان چارەسەری کێشەکانی توێژینەوەکە بن گریمانەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١. دابەشبوونی دانیشتوانی قەزاکە هاوسەنگ نیە و جیاوازی لەدابەشبوونی دانیشتواندا هەیە ، بەجۆرێک هەر یەکەیەکی کارگێری شێوازی جیاوازی وەرگرتووە.
٢. نەبوونی سیاسەتێکی ڕامیاری دروست وهاوسەنگی لەپەرەپێدانی نێوان شارو لادێکاندا هۆکاربوون بۆ بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی و کەمبوونەوەی دێنشینی لە قەزاکەدا.
٣. فاکتەرە جوگرافییەکان کاریگەرییان لەسەر دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان هەبووە.

**میتۆدی توێژینەوە:**

هەموو توێژینەوەیەك پێویستی بەچەند ڕێبازێکە تاوەکو ببێتە بنەمایەکی زانستی بۆ بڕیاردان لەسەرتەواوی هەنگاوەکانی ناوتوێژینەوە گرنگترین ڕێباز دەمەوێ بە کاری بێنم ڕێبازی (شیکاری بەراوردکاری) لەگەڵ بەکارهێنانی ئەو داتاو زانیاریانەی کەلە دام و دەزگا حکومیەکان بەدەستمان کەوتوە بەمەبەستی سودگەیاندنی زیاتر بۆ تویژینەوەکەو گەیشتن بە ئامانجە باسکراوەکان



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

## ١. چوارچێوەی کاتی و شوێنی توێژینەوە

أ/ چوارچێوەی کاتی توێژینەوە

سەبارەت بەدانانی چوارچێوەی کاتی توێژینەوەکە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٩)مان وەرگرتووە، واتا ساڵی بنەڕەت بریتییە لە(١٩٧٧)و ساڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە(٢٠١٩) لەبەر ئەوەی داتاکانی پێشبینی لەسەر ئاستی قەزای کفری و یەکەکاگێریەکان (ناحیەکان)تێدایە. ساڵی (٢٠١٩)لەسەر ئەو بنەمایە وەرگرتووە، چونکە لەم ساڵەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، لەبەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای پێشبینی بۆ دانیشتوانی قەزای کفری تێدایە.

ب/ چوارچێوەی شوێنی توێژینەوەکە.

سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە بەشی باشورو ڕۆژئاوای هەرێمی کوردستان،لە خۆرهەڵاتەوە قەزای کەلارەو لەباکورەوە قەزای چەمچەماڵە، لەباکوری ڕۆژئاوا پارێزگای کەرکوک و قەزای داقوقە وە قەزای دووزخورماتوو دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای، وەلەباشورەوە پارێزگای دیالەیە. لەڕووی پێگەی ئەسترۆنۆمییەوە قەزای کفری دەکەوێتە نێوان دوو بازنەی پانی(٥٠= ٢٧- ٣٤° - ٤٥= ١- ٣٥°)ی باکور، نێوان دووهێڵی درێژی (١٠=٣١-٤٤°- ٤٤= ١- ٤٥°)ی ڕۆژهەڵات.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥




شـ ... ن و ئیـدارەی گەرمیان سەرچاوە/ کاری توێژەر بە بەکارهێنانی پرۆگرامی ( Arc Map GIS 10.8.1)، و بەپشت بەستن بە:

١ ) هاشم ياسين وئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق وجیهان، چاپخانەی تێنووس، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، ل.٨١.
٢ ) ئیدارەی گەرمیان، نەخشەی کارگێری ئیدارەی گەرمیان، بەشی هونەری، ٢٠١٩.

## شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆدابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەقەزای کفری لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٩)دا

مەبەست لە دابەشبوونی ژینگەیی جیاکردنەوەیە لە نێوان ئەو ڕووبەرە زەویانەی کە دانیشتوان لەخۆدەگرێت وە هەندێکیان بە گوند دادەنرێن ئەوانی دیکە بەشار هەروەها جیاکردنەوەیە لە نێوان کۆمەڵانی دانیشتوان کە هەندێکیان دانیشتوانی شارن و ئەوانی تریشیان دانیشتوانی گوندن بەڵام دانیشتووانی شار لە گوندنشین لە ڕووی دابەشبوون و چڕیان و شێوازی ژیانیان جیاوازن وێرای پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و قۆناغەکانی گەشەیان[٢].

### تەوەرییەکەم: دابەشبوونی ژینگەیی لەسەر ئاستی قەزا:

ئەم دابەش بوونە دەکرێت لە چەندین ڕوانگەوە لێی پرواندرێت و بەرزبوونەوەی ڕێژەی شارنشینی لە هەموو کۆمەڵگادا نیشانەی پێشکەوتن و بە شارستانی بوون و بە جێگەی شانازی کۆمەڵگاکان هەژمارکراوە[٣]. دانیشتوان لە قەزای کفری وەکو تەواوی ناوچەکانی تر لە نێوان شاروگوند دابەشبوون، لەماوەی تویژینەوەکەماند ا (١٩٧٧_٢٠١٩) گۆرانکاريي

گەورە بەسەر ڕێژەی هەریەک لە شارنشین وگوندنشین دا هاتووە .پروانە خشتەی(١) لەسەر بنەمای ژینگەیی ژیانکردن دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەکەمان دابەش دەکەین بۆ:

### أ_دانیشتوانی شارنشین لەسەرئاستی قەزا

مەبەست لە دانیشتوانی شارنشین هەموو ئەو کەسانەن کە لە سنووری شارەوانیدا نیشتەجێن جا لە ناحیەدا بێت یان قەزا.[٤]وەک لەسەیرکردنی خشتە(١) شێوەی(١) دەردەکەوێت لەماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا دانیشتوانی شارنشین لەقەزای کفری گۆرانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

خشتەی(١)

## دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەقەزای کفری لەماوەی نێوان سالانی (١٩٧٧_٢٠١٩)

| سال | شارنشین% | گوند نشین% |
|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٣٣ | ٦٧ |
| ١٩٨٧ | ٣٣ | ٦٧ |
| ٢٠٠٢ | ٦٦,٣ | ٣٣,٧ |
| ٢٠١٩ | ٦٦ | ٣٤ |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشت بەستن بە پاشکۆی(١)**

سد



ەرچاوە/ پشت بەستن بەخشتەی (١)

شێوەی(١)

ڕێژەی دانیشتوانی( شاروگوندنشین)بە گوێرەی یەکەکارگێڕیەکانی قەزای کفری لەماوەی ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٩)

بەجۆرێک لەساڵی(١٩٧٧)ئەم ڕێژەیە(٣٢%) دانیشتوانی شارنشینی پیکهێناوە، بەڵام ڕێژەکە لەساڵی (٢٠١٩)بەرزبۆتەوەو بووەبە (٦٦%) لەکۆیدانیشتوانی شارنشینی قەزاکە، بەمەش جیاوازی نێوان ئەودوو ساڵەدەکاتە (٣٢%)،ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزو دیارە کەبەسەرژینگەی ناوچەکە هاتووە، ئەم ڕێژەیەش بەپێی ساڵەکان جیاوازەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە،بەجۆریک لەساڵی (١٩٨٧)ڕێژەی شارنشین(٣٣%)ی کۆی دانیشتوانی شارنشین پێکهێناوە، پاشان لەماوەی ساڵانی(١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شارنشین نزیکەی (٣,٢%) بووە،ئەمەش لەخشتەی(1)دا نیشاندراوە. وەلەساڵی(٢٠٠٢)دا ڕێژەی شارنشین (٦٦%)ی کۆی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکەی پێکهێناوە، ئەگەر بەراوردێکی شارنشینی نێوان ساڵانی (١٩٧٧_١٩٨٧)بکەین دەبینین ڕێژەکە بەڕێژەیەکی کەم بەرزبۆتەوە، واتا گۆڕانکاریەکی بەرچاوی بەخۆوە نەبینیوە، دیارە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هێشتا پرۆسەی ئەنفال و پاکتاوی ڕەگەزی چۆڵ کردنی گوندەکان لە لایەن حکومەتی ئەوکاتەی ڕژێم بەعس بەتەواوی دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام لەوبەرەوارە بەدواوە بەتایبەت ساڵی ١٩٨٨و دەسپێکی شاڵاوی ئەنفال لەسەرجەم سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە کاریگەری گەورەی لە سەر دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان دروست کرد. دانیشتوان لەماوەی ناوبراودا، کەبەهۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت لەسەرکەمبوونەوەی ژمارەی شارنشین بەهۆی ڕاگواستنی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکان بەرەوسەنتەری قەزا یان دەرەوەی ناوچەی لێکۆلینەوە، ڕێژەی گەشەی شارنشینی لەماوەی ساڵانی(١٩٨٧-٢٠٠٢) بەڕێژەی (٢,٨%) زیادی کردووە، هۆکاری ئەمەش دەگەڕیتەوە بۆ کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆرلەگوندنشینانی قەزاکە بۆ ناوەندی شارەکان، جگە لەوەش ڕووخاندنی چەندین گوندی سەربەقەزاکە

لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە وە ڕێگە نەدرا بەگەڕانەوەی دانیشتوانەکەی وئاوەدانکردنەوەی گوندە کانیان. هەروەها لەساڵی(٢٠١٩)ڕێژەی شارنشین(٦٦%)ی کۆدانیشتوانی شارنشینی قەزاکەی پێکهیناوە وڕێژەکەبەرزبۆتەوە، لەماوەی ساڵانی(٢٠٠٢-٢٠١٩) ڕێژەی گەشەی شارنشینی(٣,٤%) زیادیکردووە ئەمەش بەهۆی هێنانە کایەی ناحیەی ئاوەسپی و خرابەسەر قەزای کفری[٥].هۆکارێکی تری کۆچی دانیشتوان لەگوندەوە بۆ شارەکان، سەرهەڵدانی ڕێکخراوی تیرۆریستی(داعش) لەساڵی(٢٠١٤) کاریگەری لەسەر بەشێک لەناوچەی تویژینەوە، بەتایبەت هەردووناحیەکانی (نەوجول-کۆکس) کەنزیک بوون لە سنوری ئەوناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی (داعش) دابوون، تاوەکو ئێستاش مەترسین لەسەر ناوچەکە، کە بەوهۆیەوە(٤)گوندی سەربە ناحییەی نەوجول تاوەکو ئێستا چۆڵکراون و دانیشتوانەکەی نەگەڕاونەتەوە، چونکە بەردەوام گروپی چەکداری لە ژێر ناونیشانی جیاواز دەردەکەون و بوونەتە هەڕەشە بۆ خەڵکی سنورەکە چونکە چەندین جار شوانکارەو جوتیاری سنورەکەیان شەهید و دەستگیرکردووە.سەرەڕای بوونی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەدرێژای سنورەکە بۆ پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان بەردەوام کێوماڵی ناوچەکە دەکات بەڵام بوونی بۆشای ئەمنی لەنیوان ناحیەی نەوجول بۆ قەزای دووز خورماتوو وایکردووە ئەم گرووپە چەکدارییە درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن[٦]. لەسنورەکەهەروەها کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لەخەڵکی گوندنشین بۆسەنتەری شارستانیەکان چونکە شارەکان هەمیشە هۆکارن بۆراکێشانی دانیشتوان(جزب السکان) چونکە بە بوونی خزمەتگوزاری جۆراو جۆر ناسراون وەکوبوونی ڕێگاوبان وخزمەتگوزاری تەندروستی وپەروەردەی، جگە لەوەش نەبوونی هیچ پاڵپشتی یەکی حکومەت بۆجوتیاران هەر لەدابین کردنی بنەتۆ وئامێری پێویست وساغ نەبوونەوەی بەرهەمەکانیان جوتیارانی بێ هیواکرد. بۆیە لادێکان دەرهاوێشتەی دانیشتوانن (طردالسکان) بە تایبەت لەڕووی ئابووری وکۆمەڵایەتی وخزمەتگوزاریەوە[٧] .

خشتەی (٢)

ڕێژەی گەشەی ژینگەیی دانیشتوان لە قەزای کفری لەماوەی نێوان (١٩٧٧-٢٠١٩)

| ماوە | شارنشین% | گوند نشین% |
| --- | --- | --- |

| | | |
|---|---|---|
| ١٩٨٧_١٩٧٧ | ٣,٢ | ١,٦ |
| ٢٠٠٢_١٩٨٧ | ٢,٨ | ٤,٢ |
| ٢٠١٩_٢٠٠٢ | ٣,٤ | ٢,٩ |

**سەرچاوە/ کاری توێژەر بەپشت بەستن بەسەرچاوەداتاکانی خشتەی(١)**

**ب_دانیشتوانی گوندنشین لەسەرئاستی قەزا:**

دانیشتوانی گوندنشین بریتین لە سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی شارەکان ژیان بە سەر دەبەن و لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و دیمۆگرافیاوە جیاوازین لە دانیشتوانی شار[٨]. بەگەڕانەوە بۆخشتەی(١) دەردەکەیت، ، بەجۆرێک لەساڵی(١٩٧٧) دا نزیکەی (٦٧%)ی کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە ،ئەمەش بەهۆی گونجاندنی بارودۆخی سروشتی ناوچەکە بۆ بەرهەمهێنانی کشتوکاڵ وئاژەڵداری. لەگەڵ ئەوەی ڕووبەری هەرەزۆری رووبەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەکەوێتە ناوچەی تەختانی و فراوان ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئاسانی هاتووچۆو نیشتەجێ بوون کە دانیشتوان بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت لەگەڵ ئەوەشدا بوونی چەندین سەرچاوەی ئاوی وەرزی و هەمیشەی هەیە ،جگە لەئاوی باران کە بەمەستی کشتوکاڵ سودی لی وەردەگیریت .خراپی باری ئابوری دانیشتوان و نەبوونی هەلی کارکردن لەشارەکاندا ،سەرەڕای ئەوەی ڕەوشی ناوچەکە ئارام بووە هیچ گوندێک نەکەوتبووە بەرشاڵاوی ڕاگواستن وراگوێزانی دانیشتوان بۆئۆردوگا زۆرەملێ یەکان نەبوونی کۆچ لەگوندەکانەوە بۆسەنتەری شارەکان ئەمانەش هۆکاری سەرەکی بوون بۆنیشتەجێ بوونی زیاتری دانیشتوان لە گوندەکاندا وەک لە شارەکان. واتا بەرزترین ڕیژەی دانیشتوانی گوندنشین لەماوەی سالانی لیکۆڵینەوە لەم ساڵەدا بووە، ئەمەش کاریگەرە بەفاکتەری پیشەی کشتوکاڵ کە دانیشتوان زیاتر سەرقاڵی ئەوپیشەیەبوون بارودۆخی ئەوسەردەمە نەک قەزای کفری بەڵکو تەواوی هەریمی کوردستان بەوشێوازە بووە. بەڵام لەساڵی (١٩٨٧)دا رێژەی (٦٧%)کۆی دانیشتوانی قەزاکەیان پێکهێناوە، واتا ڕێژەکە بەبەراود بە ساڵی (١٩٧٧) دابەزینی ئەتۆی بەخۆوە نەبینیوە، چونکە هێشتا بارودۆخی ڕامیاری وسەربازی ناوچەکە، بەتەواوی تێک نەچوو بوو هێشتا شاڵاوی ئەنفال و خاپورکردنی گوندەکان بەتەوای دەستی پێ نەکردبوو، بەڵام مەترسی لەسەر ژیانی گوندنشین لەزیادبووندا بوو هەمیشە گوندنشینان لەژێر هەڕەشەی هێرشی سوپای

داگیرکەری عێراقدا بوون، ژمارەیەک لەو گوندانەی کەنزیکی قەزای کفری بوون دووچاری ڕووخان و خەڵکەکەی ڕاگوێزران بۆ ناوەندی قەزای کفری، ئەمەش کاری گەری لەسەر گەشەی ساڵانە هەبووە بەجۆرێک لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧_١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی ساڵانە بریتی یە لە (١,٦%). بۆیە ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی وایکرد سەرژمێری ساڵی (١٩٨٧) ئەنجامەکانی پڕ لە کەم و کورتی بێت، چونکە لەباردۆخێکی نائاسایدا ئەنجام دراوە. بەڵام لەساڵی(٢٠٠٢)دا ڕێژەی گوند نشین جارێکی تر زیادی کردووە بووبە (٣٣,٧%)لەکۆی دانیشتوانی قەزاکە وە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی گوندنشین لەماوەی ( ١٩٨٧_٢٠٠٢) بووە بە (٤,٢%). هۆکاری ئەم زیادبوونەش دەگەڕێتەوەبۆئاسایبوونەوەی بارودۆخی ڕامیاری و سەربازی ناوچەکە،بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١)گوندو دێهاتەکان ئاوەدان کرانەوە،ئەمەش بووە هۆی گەڕانەوەی خەڵکەکەی بۆسەر زێدی خۆیان، ئەمەش وایکرد ئەو گوندانەی لەسەردەمی ڕژێمی بەعس دووچاری ڕووخاندن و چۆڵکردن بوو دووبارە ئاوەدان بکرێتەوەئەمەش وایکرد ڕێژەی گوند نشین زیاد بکات هەروەها بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوریەی کە دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە، وایکرد کە خەڵک ناچاربکرێت بگەڕێتەوە بۆ لادێکان و ئاوەدانی بکەنەوە، سەرەڕای کەمی خزمەتگوزاری و نەبوونی قوتابخانەو بنکەی تەندروستی وخراپی ڕیگاوبان و کەمی کارەباو ئاو....هتد بەلام لەساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی گوندنشین دووبارە دابەزی بووبە (٣٤%) لەکۆی دانیشتوانی قەزاکە وە لەماوەی ساڵی (٢٠٠٢_٢٠١٩)ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی گوندنشین کەمیکردووە بۆ نزیکەی(٣%) ئەمەش بەهۆی چەندهۆکارێکەوە بووە لەوانە:

١_دابەزینی نرخی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان لە ئەنجامی هاتنە ناوەوەی بەربوومی کشتوکاڵی لە وڵاتانی دراوسێ بە نرخی هەرزان تر بە بەراود لەگەڵ بەروبوومی ناوخۆدا ئەمەش هۆکارێکی پاڵنەر بوو بۆ کۆچکردنی گوندنشینان بەرەو شارەکان.[٩]

٢_ کۆچی بەردەوامی دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناوشار ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبووندایە بەهۆی نەبوونی پلانی زانستی و بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان بە شێوەیەکی مۆدێرن چونکە هەمیشە شارەکان پشکێکی زۆرتری لەو پێشکەوتنانە بەردەکەوێت کە ڕوو دەدەن ئەویش بە

بەراورد لەگەڵ گوندەکاندا بۆیە شارە کان بوونەتە ناوەندێک بۆ ڕاکێشانی دانیشتووانی گوندەکان بە لای خۆیاندا وە لە ئەنجامدا فراوان بوونیان لەسەر حسابی گوندەکان


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)
مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٥

٣_پرۆسەی دامەزراندن کە ژمارە کی زۆر لە دانیشتووانی گوندەکانی ناوچەکە لە شارەکاندا بوون بە فەرمانبەر و پۆلیس و سەرباز لە دام و دەزگاکانی حکومەتدا.

٤_یەکێکی تر لە هۆکارەکانی تری کۆچی دانیشتوان لەگوندەوە بۆ شارەکان بوونی مەترسی هێرش وپەلامارەکانی ڕێکخراوی تیرۆریستی(داعش) بۆ بەشێک لەناوچەی تویژینەوە، بەتایبەت هەردووناحیەکانی (نەوجول-کۆکس) کەنزیک بوون لە سنوری ئەوناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی (داعش)دا بوون، تاوەکو ئێستاش مەترسین لەسەرناوچەکە.

## تەوەرەی دووەم:
## دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەک کارگێرییەکان (ناحیەکان)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەک کارگێرییەکان لەیەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکەوە بۆ یەکەیەکی ترو لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر جیاوازبووە، بەجۆریک لەماوەی ساڵانی(١٩٧٧_٢٠١٩) گۆرانێکی گەورە لە ڕووی گەشە و ڕێژەی شارنشین وگوندنشین بە سەر یەکە کارگێرەکاندا هاتووەکە هەریەک لەو گۆرانانە بە دیار دەخەین.

أ_دانیشتوانی شارنشین لەسەر ئاستی یەکەکارگێرییەکان(ناحیەکان):

دانیشتوانی شارنشین لە یەکە کارگێریەکانی قەزای کفری یەکسان نییە و جیاوازە لە یەکەیەکی کارگێرییە وە بۆ یەکەیەکی کارگێری و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکیتر ئەم گۆرانەش زۆر بە ڕوونی لە خشتەی (٣) ونەخشەکانی (٢، ٣، ٤ ، ٥) نیشاندراوە.

### ١_ناحیەی سەنتەر(کفری):

شاری کفری سەنتەری قەزاکەیە، ئەم یەکەکارگێریە لەڕووی ڕێژەی شارنشین و گوندنشین هەڵکشان و داکشانی زۆری بەخۆوە بینیوە بەجۆرێک ، لە ساڵی (١٩٧٧)دا ئەم ڕێژەکە (%٩٢,٣) بەڵام ئەم ڕێژەیە لە ساڵی(١٩٨٧)دا بووە بە(٩٥,٤) و ڕێژەی شارنشین بەرز بۆتەوە، وەلە ساڵی (٢٠٠٢) جارێکی تر ڕێژەی شارنشین بەرزبۆتەوە بۆ (%٩٨)، لەساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی شارنشین (%٩٨,٣)ی لەکۆی دانیشتوانی

ناحیەکەی پێکهێناوە، کەبەرزترین ڕێژەی شارنشینی لەقەزاکەدا دادەنرێت بە بەراورد لەگەڵ سەرجەم یەکە کارگێڕیەکانی تر ئەویش بەهۆی بەردەست بوونی لایەنەکانی خزمەتگوزاریی وەکو (نەخۆشخانەو قوتابخانەو شارەوانی وبوونی ڕێگاوبان وئاوکارەبا....هتد). ئەمە بۆتە هۆی ڕاکێشانی دانیشتوانی یەکە کارگێڕیەکانی تر بۆ سود وەرگرتن لەم خزمەتگوزاریانە ،هەرچەندە لەئێستادا ناوەندی قەزاکە بەهۆی کەمی خزمەتگوزاریەوە ڕۆژانە دانیشتوانەکەی کۆچ بۆشارەکانی تری هەرێمی کوردستان دەکەن، بەشێوەیەکی گشتی بەدرێژای مێژوو هەمیشە هەوڵی گۆڕینی دیمۆگرافی ئەم شارە دراوە چ لەلایەن ڕژێمی بەعسی ئەوکاتەو وەئێستاش لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە[١٠] ئەمەش لەڕێگەی گۆڕانکاری کارگێری بۆ نمونە داپڕانی هەردوو ناحیەی قەرەتەپەو جەبارە کەلە پێشدا سەربەقەزای کفری بوون،یەکێک بوون لە ناحیە دێرین وگرنگەکانی قەزای کفری بەداپڕانی کاریگەری دیمۆگرافی و ئابوری هەبووە، چونکە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانن، جگە لەوەش خاوەنی خاکێکی بەپیت و فراوانن بۆیە کاریگەری نەرێنی لەسەر پێگەی ئەم قەزایە هەبووە. بۆ چارەسەری ئەم ڕەوشە نەخوازراوە کەبەسەرقەزاکەداهاتووە پێویستە هەنگاوی ڕاستەقینە بنرێت بۆ جێ بەجێکردنی ماددەیی (١٤٠) کە لە دەستوری عێراقی فیدراڵداهاتووە ئەگەر بچێتە بواری جێ بەجێکردنەوە، ئەوا

هەریەکە لەناحیەکانی(قەرەتەپەو جەبارە) کەلە پێشوودا سەر بەقەزای کفری بوون بەو هەنگاوە دەگەڕێنەوە سەر قەزای کفری و کاریگەری باشی دەبیت لەسەر بەهێز بوونی پێگەی شارەکە لەڕووی سیاسی وئابوری و دیمۆگرافیەوە، چونکە بەدەرلەفراوانبوونی

سنوری ناوچەی توێژینەوە ژمارەی دانیشتوانی زیاد دەکات و پشکی لە پرۆژە خزمەتگوزاریەکان زیاتر دەبێت لە ئیدارەی گەرمیان، چونکە زۆرجار بە بیانوی کەمی ژمارەی دانیشتوان پرێکی زۆرکەم لە بودجەی تەرخانکراو بۆ ناوچەی توێژینەوە تەرخان دەکرێت، ئەمە وایکردووە نەتوانرێت وەکو پێویست پرۆژەی خزمەتگوزای بۆ

ناوچەکە جێ بەجێبکرێت، کە ساڵانە بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری و نەبوونی هەلی کار ژمارەیەکی زۆر لەخێزان شارەکە بەجێ دێڵن و کۆچ بۆ شارەکانی تری هەرێمی کوردستان دەکەن، بۆیە گرفتی کۆچکردن نەک تەنها لەقەزای کفری بەڵکولە تەواوی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، خەڵکی کۆچ بۆ ناوەندی



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پارێزگاکان دەکەن بەم هەنگاوە فشار لەسەر ناوەندە خزمەتگوزاریەکانی وەکو ڕێگاوبان وگواستنەوەو نەخۆشخانەو پەروەردە دروست دەبێت بۆیە پێویستە حکومەت بۆ

چارەسەرکردنی ئەم گرفتە دەبێت پرۆژە خزمەتگوزاریەکان بەشێوەیەکی هاوسەنک

لەشارو شارۆچکەکان جێ بەجێ بکات تاوەکو ڕێگری لە کۆچی ناوخۆی بکات.

خشتەی(٣)

ڕێژەی ژینگەی دانیشتوان لەسەر ئاستی یەکەکارگێرییە کان لەقەزای کفری لەماوەی سالانی(١٩٧٧-٢٠١٩)

| یەکە کار گێریەکان | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠١٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار نشین % | گوند نشین % | شار نشین % | گوند نشین % | شار نشین % | گوند نشین % | شار نشین % | گوند نشین % |
| سەنتەر | ٩٢,٣ | ٧,٧ | ٩٥,٤ | ٤,٦ | ٩٨ | ٢ | ٩٨,٣ | ١,٧ |
| سەرقەڵا | ٨,٦ | ٩١,٤ | ١٥,٣ | ٨٤,٧ | ٢٥,٧ | ٧٤,٣ | ٢٥,٣ | ٧٤,٧ |
| کۆکس | ٣,٩ | ٩٦,١ | ٤,٣ | ٩٥,٧ | ٣,٣ | ٩٤,٧ | ٣,٣ | ٩٦,٧ |
| قەرەتەپە | ٢١,٧ | ٧٨,٣ | ٢٣ | ٧٧ | - | - | - | - |
| جەبارە | ١٤,٧ | ٨٥,٣ | ١٤,٤ | ٨٥,٦ | - | - | - | - |
| نەوجول | ٥,٣ | ٩٤,٧ | ٨,٧ | ٩١,٣ | ١٥,٥ | ٨٤,٥ | ١٤,١ | ٨٥,٩ |
| ئاوەسپێ | _ | _ | _ | _ | ٥,٢ | ٩٤,٨ | ٥,١ | ٩٤,٩ |

سەرچاوە:کاری تویژەر بە پشت بەستن بە:پاشکۆی(١)

**٢_ناحیەی سەرقەڵا:**

لەساڵی(١٩٧٧) ڕێژەی(٨,٦%)ی کۆی شارنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ (١٥,٣٩%) بەهۆی خاپورکردنی(٢٥) گوندی سەربەم ناحیەیەو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی(سمود)گرتووخانەی قۆرەتوو لەسنوری قەزای خانقین[11] پاشان جیگیرکردنیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کەڕژێمی عێراق مەبەستی دروست کردنی کۆمەڵگە زۆرەملێکان ئەوە بووە کەدانیشتوانەکەی دووربکەونەوە لە یارمەتی دانی پێشمەرگەو لە ژێرچاودێری و دەسەڵاتی خۆیاندا بیت، لەنزیکەوە ئاگاداری جموجۆڵ و چالاکیەکانی پێشمەرگە بێت ، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی(٢٠٠٢) ڕێژەی شارنشینی بریتی بووە (٢٥,٧%) لە ناحیەکەدا ئەویش بەهۆی گەڕانەوەی دانیشتوان بۆ زێدی خۆیان و ئاوەدان کردنەوەی گوندەکان و نەبوونی هەلی کار لە ناوەندی شارەکان، بەڵام لەساڵی (٢٠١٩)ڕێژەی شارنشینی بووە بە(٢٥,٣)ئەویش هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خزمەتگوزاری ونەبوونی ڕێگاوبانی گونجاو هەروەها دامەزراندنی خەڵکی لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێم وایکرد ڕێژەی شارنشینی جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە بەبەراورد بەساڵی(٢٠٠٢) .

## ٣_ناحیەی کۆکس:

، ئەم ناحیەیە لە ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی (١٨,٠٦%) کۆی شارنشینی ناحییەکەی پێکهێناوە، لەساڵی (١٩٨٧) وەکو سەرجەم ناحیەکانی تر گوندەکانی ئەم ناحیەیە دووچاری ڕووخان و کاولکاری و کۆچی زۆرەملێ بۆتەوە کە ژمارەی گوندە ڕووخاوەکان (٢٨)گوندبووە، بۆیە ریژەی شارنشینی بەرزبۆتەوە چونکە گوندەکان بە هۆکاری سیاسی وسەربازی چۆڵکران و ژیانی تێدا نەما دانیشتوانەکەی لەناوەندی شارەکان نیشتەجی بوون سەرەتا ناوەندی ناحیەکە لە گوندی کۆکس بووە دواتر بەهۆکاری ئەمنی گواستراوەتەوە بۆ گوندی کولەجۆ[12]، لەساڵی(٢٠٠٢) ڕێژەی شارنشینی بووەبە (٣,٣%). وە لەساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی شارنشین (٣,٣%) بووە. هاوشێوەی ساڵی (٢٠٠٢) گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، ئەویش بەهۆی ئەوەی ڕەوشی سیاسی وسەربازی ناوچەکە تاڕادەیەک ئارام بووە.

**٤_ ناحیەی قەرەتەپە:**

یەکێک بووە لە ناحیە کۆنەکانی ئەم قەزایەو لەسەردەمی عوسمانیشدا هەر ناحیە بووەو سەربەقەزای کفری بووە تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و دروست بوونی حکومەتی هەریم ئەم ناحیەیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و بەسترایەوە بە پارێزگای دیالە[١٣] ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە ناحیەی قەرەتەپە لە ساڵی (١٩٧٧) زیاتر بووە لە (٢١%) لەکاتێکدا لەساڵی(١٩٨٧) ڕێژەی شارنشینی زیاتر بووە لە(٢٣%).

**٥_ناحیەی جەبارە:**

ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لە ناحیەی جەبارە لەساڵی(١٩٧٧)دا نزیکەی(١٥%) لەکۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێک هێناوە، بەڵام لە ساڵی(١٩٨٧)ڕێژەکە بۆتە(١٤%) کەمبوونەوەی ڕێژەکە پەیوەندی بەباردۆخی ڕامیاری و سەربازی ناوچەکەوە هەبووە.جەبارەگوندێک بوو سەر بە ناحیەی شێروانە، پاشان کرا بە ناوەندی ناحیە[١٤]، لەدوای ڕاپەڕینەوە جگە لە گوندی دوانزەئیمام و پاشاکۆژاو هەموو گوندەکانی بەناوەندی ناحیەکەیشەوە هاوشێوەی ناحیەی قەرەتەپە لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراقدا مایەوەو هەموو کاروباری ئەم دوو ناحیە لە پارێزگای دیالە ڕای دەکرێت،هەرچەندە هیچ فەرمانێکی کۆماری دەرنەچووە بەلادانی هەردووناحیەی قەرەتەپەو جەبارە لەسەر قەزای کفری گواستنەوەی بۆ یەکەیەکی کارگێری تر تەنانەت لەدوای ڕاپەڕین قەزاکە بۆ ماوەیەک دووقایمقامی هەبووە، یەکێکیان لە نەتەوەی کورد کەلە ناحیەی سەنتەر واتا قەزای کفری مامەڵەی هاوڵاتیانی ڕای دەکرد ئەوی تریان لە نەتەوەی عەرەب و لە ناحیەی قەرەتەپە مامەڵەی هاوڵاتیانی بە جیا ڕای دەکرد، بۆیە تاوەکو ئێستا ئەم دوو ناحیە یەکلا نەکراونەتەوەو لەلای بەرپرسانی ئیدارىو توێژەران جێگای باس و گفتوگۆیە
.

**٦_ ناحیەی نەوجول:**

ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی(٥,٣%)ی کۆی شارنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە بەرزبۆتەوە بۆ(٨,٧%) بەهۆی هۆکاری خاپورکردنی گوندەکانی سەربەم ناحیەیەو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان و جیگیرکردنیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کەڕژێمی عێراق مەبەستی دروست کردنی کۆمەڵگە

زۆرەملێکان ئەوە بووە کەدانیشتوانەکەی دووربکەونەوە لە یارمەتی دانی پێشمەرگەو لە ژێرچاودێری و دەسەڵاتی خۆیاندا بیت، لەنزیکەوە ئاگاداری جموجۆڵ وچالاکیەکانی پێشمەرگە بێت، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و دروست بوونحکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی شارنشینی(١٥,٥% )بووە، لە ناحیەکەدا ئەویش بەهۆی نەبوونی پاڵپشتی و پشتیوانی حکومەتی هەرێم بۆ دانیشتوانی گوندەکان ودابین نەکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویست لە ڕێگاوبان و قوتابخانەو بنکەی تەندروستی، بەڵام لەساڵی (٢٠١٩)ڕێژەی شارنشینی(١٤,١%) بووە، ئەویش هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەردەوامی دامەزراندن بەتایبەت لە بواری سەربازی وایکرد دانیشتوانی گوندنشین دەستبەرداری پیشەی سەرەکی بن ڕێژەی شارنشینی ڕوو لە زیاد بکات .

ناحیەی ئاوەسپی :

بەهۆی ئەوەی مێژوویەکی زۆری نیە ژمارەی دانیشتوانی کەمە، لە بەرواری ٢٠٠٠/٢/٢٥ بووە بە ناحییەو بەستراوەتەوە بەقەزای کفری، لەساڵی(٢٠٠٢)، ڕێژەی شارنشینی(٥,١%) بووە, وە ساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی شارنشینی(٥,٢%) بووە، هیچ گۆڕانکاریەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە بەبەراورد بەساڵی(٢٠٠٢)، هۆکاری ئەمەش بۆ نەبوونی پرۆژەی خزمەتگوزاری پێویست بۆدانیشتوانی سنورەکە دەگەڕیتەوە[١٥].

**ب_دانیشتوانی گوندنشین لەسەر ئاستی یەکەکارگێڕیەکان(ناحیەکان):**

دانیشتوانی گوندنشین لە یەکە کارگێڕیەکان لەماوەی سالانی (٢٠١٩_١٩٧٧)دا گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە .

**_ناحیەی سەنتەر:**

ئەم یەکە کار گێریە لەڕووی ڕێژەی گوندنشین هەندێ گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، دەتوانین بڵێین ئەو گۆڕانکاریانەش بەشێکی بۆ گۆڕانی سنوری یەکە کارگێڕیەکە دەگەڕێتەوە بەهۆی هاوسنوری لەگەڵ حکومەتی عێراق وبەتایبەت دوای ڕاپەڕین و دروست بوونی حکومەتی هەرێم بەشێک لە گوندەکانی ئەم یەکە کارگێریە داپڕان و کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق لەساڵی (١٩٧٧)ئەم ڕێژەیە(٧,٧%))بووە وە ساڵی(١٩٨٧) ڕێژەکە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بۆتە (٤,٦%) وە ساڵی (٢٠٠٢)ڕێژەی گوندنسین بووە بە(٢%) ،بەجۆرێک لەساڵی(٢٠١٩) ڕێژەی گوندنشین (١,٨%)لەکۆی دانیشتوانی ناحیەکەی پێکهێناوە ، لەکاتێکدا کەمبوونەوەی ڕێژەی گوندنشینان بۆچەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:_

١_ خاپورکردنی ژمارەیەک گوند و کۆچکردنی دانیشتوانەکەی بۆسەنتەری ناحیەکە.
٢_کۆچی بەردەوامی گوندنشینان بۆناحیەی سەنتەر،چونکە (کفری )سەنتەری کارگێری قەزاکەیەوزۆربەی دام دەزگا حکومیەکان وخزمەتگوزاریەکانی تێدا کۆبۆتەوە .
٣_دامەزراندنی بەلێشاوی دانیشتوانی گوندنشینان لەبوارە جیاوازەکان بەتایبەت لەبواری سەربازی و نەمانی دەستی کارکەرو کەمبوونەوەی ڕێژەی بەرهەمهێنان لەگوندەکان وکۆچکردنی دانیشتوانەکەی بۆ نێو ناحیەیەی سەنتەر
٤_جێبەجێکردنی پڕیاری (٩٨٦)پڕیاری نەوت بەرامبەر بەخۆراک و دابەشکردنی خۆراک بەسەر هاوڵاتیان دا بووە هۆی وازهێنانی بەشێکی زۆری جوتیاران لەکاروپیشەی کشتوکاڵ

## ٢_ناحیەی سەرقەڵا:

لەساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی(٩١,٤%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، بەڵام لە ساڵی (١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بۆ (٨٤,٧%) بەهۆی هۆکار**ی** خاپورکردن وچۆڵکردنی (٣٥)گوند لە گوندەکانی سەربەم ناحیەیەو ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی(سمود) و گردوخانەی (قۆرەتوو)[١٦]جیگیرکردنیان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا. لەساڵی(٢٠٠٢) ڕێژەی گوند نشینی گەیشتۆتە(٧٤,٣%)وەساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی گوندنشینی بووە بە(٧٤,٧%) هۆکاری نزمبوونەوەی ئەم ڕێژەیەش بۆ گرنگی پێنەدانی گوندەکان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان وبەردەست نەبوونی پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی وەکو ڕێگاوبان و قوتابخانەوبنکەی تەندروستی.

## ٣_ناحیەی کۆکس:

ئەم ناحیەیە لە ساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی بەنزیکەی (٢%)کۆی گوندنشینی ناحییەکەی پێکهێناوە ،لەساڵی (١٩٨٧) ڕێژەکە بووەبە نزیکەی(٩٦%) بەڵام لە دەسپێکی شالاوی ئەنفال وەکو سەرجەم ناحیەکانی تر

گوندەکانی ئەم ناحیەیە دووچاری ڕووخان و کاولکاری و کۆچی زۆرەملی بۆتەوە بۆیە ڕێژەی گوندنشینی دابەزیوە چونکە گوندەکان بە هۆکاری سیاسی وسەربازی چۆڵکران و ژیانی تێدا نەما دانیشتوانەکەی لەناوەندی شارەکاندا نیشتەجێ بوون سەرەتا ناوەندی ناحیەکە لە گوندی کۆکس بووە دواتر بەهۆکای ئەمنی گواستراوەتەوە بۆ گوندی کوڵەجۆ[١٧]،لە ساڵی (٢٠٠٢_٢٠١٩)یەک بەدوای یەک ڕێژەکە (٩٤,٧%،٩٦,٧%)بووە.

### ٤_ناحیەی قەرەتەپە:

.ئەم ناحیەیە لەساڵی(١٩٧٧) ڕێژەکەی بەنزیکەی(٧٨%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، بەڵام لەساڵی(١٩٨٧)ئەم ڕێژەیە دابەزیوە بووە بە نزیکەی(٧٧%)بەڵام لەدوای ڕاپەڕین و دروست بوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی(١٩٩٢)ئەم ناحیەیە کەوتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق و بەسترایەوە بە پارێزگای دیالەو تا ئێستاش بەو شێوەیە ماوەتەوە، وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکردووە. واتا لەئێستادا دەکەوێتە دەرەوەی سنوری ناوچەی لێکۆڵینەوە.

### ٤_ناحیەی جەبارە:

ئەم ناحیەیەش بەهەمان شێوەی ناحیەی قەرەتەپە لە ئێستا دەکەوێتە دەرەوەی سنوری لێکۆڵینەوە چونکە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) لە قەزای کفری داپڕێنراوە وخراوەتە سەرحکومەتی ناوەندی لەساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی نزیکەی(٨٥%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، وە ساڵی (١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە بووە بە نزیکەی(٨٦%)

### ٤_ناحیەی جەبارە:

ئەم ناحیەیەش بەهەمان شێوەی ناحیەی قەرەتەپە لە ئێستا دەکەوێتە دەرەوەی سنوری لێکۆڵینەوە چونکە لەدوای ڕاپەڕینی ساڵی(١٩٩١) لە قەزای کفری داپڕێنراوە وخراوەتە سەرحکومەتی ناوەندی لەساڵی (١٩٧٧) ڕێژەی نزیکەی(٨٥%)ی کۆی گوندنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، وە ساڵی (١٩٨٧) ئەم ڕێژەیە بووە بە نزیکەی(٨٦%)

### ٦_ناحیەی ئاوەسپی :

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥

له ساڵی (٢٠٠٢) ڕێژەی گوندنشینی (٩٤,٨%) بووەوله ساڵی (٢٠١٩) ڕێژەی گوندنشینی (٩٤,٩%) بووە، بەهۆی ئەوەی مێژوویەکی زۆری نیە ژمارەی دانیشتوانی کەمە، سنوری ئەم ناحیەیە لە ڕابردوودا بەدەرنەبووە لەو ڕووداوانەی کەبەسەر ناحیەیەکانی دیکەدا هاتووە ،لە ئەنفالکردنی دانیشتوانەکەی و ڕاگواستنیان بۆ ئۆردوگا زۆرە ملێکانی (سمود) گرتووخانەی (قۆرەتوو) لە سنوری قەزای خانقین .

نەخشەی(٢)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەسەرئاستی یەکەکارگێڕییەکانی قەزای کفری ساڵی (١٩٧٧)دا




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٣).

نەخشەی(٣)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەسەرئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای کفری ساڵی(١٩٨٧)دا



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٥




سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٣).

نەخشە(٤)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەسەرئاستی یەکە کارگێرییەکانی قەزای کفری ساڵی (٢٠٠٢)دا



سەرچاوە/ئامادەکراوە بە پشت بەستن بە خشتەی (٣).

نەخشەی(٥)

دابەشبوونی ژینگەی دانیشتوان لەسەرئاستی یەکەکارگێرییەکانی قەزای کفرسالّی(٢٠١٩)دا




سەرچاوە/ ئامادەکراوە بە پشت بەستن بەخشتەی(٣)

## تەوەرەی سێیەم/ئاماژەکانی گۆڕان و دابەشبونی ژینگەی دانیشتوان لەقەزای کفری:

کۆمەڵگەی دانیشتوانی جیهان وەکو هەموو بەشێک لەو کۆمەڵگایانەی دانیشتوان کە بەخەسڵەتی گۆڕانکاری دەناسرێنەوە، کە زۆر جار لەزیادبوونی گشتیەوە دروست دەبێت .ئاساییە جوگرافیای دانیشتوان بەلێکۆڵینەوە لەگۆڕانکاری بایەخدات، و لەجیاوازی تێکڕاکانی گۆڕان بکۆڵێتەوە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر هەوڵبدات هۆکاری ئەم جیاوازییە بخاتە ڕوو چونکە کۆمەڵگەی دانیشتوان هەمیشە جوڵەیەکی بەردەوامیان تیادایە، کە کاریگەرییەکەی لەزیادبونی قەبارەی دانیشتوان و کەمبوونەوەیدا خۆی دەبینێتەوە چونکە لەڕاستیدا هیچ کۆمەڵگەیەکی دانیشتوان نیە لەبارێکی جێگیردا بێت وە ئەو کۆمەڵگایانەش کەوا دەردەکەوێت لەبارێکی جێگیر دابن و هیچ شوێنەوارێکی زیادبوون یان کەمبوونی پێوە دیار نەبێت، لە ڕاستیدا بوونی ئەم چەشنە گۆڕانکاریانە دەشارێتەوە، لەبەرئەوە کۆمەڵگاکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەوەی

گۆرانكارى بەسەردا دێت ئەندامەكانێتى. (حمە،٢٠١٩،ل٩). سەبارەت بەقەبارەى گۆرانى ژمارەى دانيشتوان و زيادبوونى ساڵانەو ڕێژەى گۆرانى ساڵانە كە لەسەرئاستى قەزاى كفرى كەلەماوەى نێوان ساڵانى توێژينەوە(١٩٧٧_٢٠١٩)دا ڕوويانداوە لەخشتەى(٤)و شێوەى(٢) دەردەكەوێت كە گەشەى دانيشتوان لەماوەى توێژينەوەكەدا (١٩٧٧_٢٠١٩)لەماوەى(٤٢) ساڵدا ڕوو لە زيابوونێكى نەگۆرە قەبارەى ئەو زياد بوونە كەلە دانيشتواندا ڕوويداوە گەيشتۆتە(٣٣٢٩) كەس بەزيادبوونێكى ساڵانە كە ڕێژەكەى (٧٩,٢)بەتێكڕاى گۆرانێكى ساڵانەى(٦١,٢%) واتە قەبارەى دانيشتوان زيادى كردووە لەماوەى ناوبراودا بەڵام لەماوەى ساڵانى نێوان(١٩٧٧_١٩٨٧)قەبارەى ئەو زيادبوونەى لەدانيشتواندا لەماوەى(١٠)ساڵدا ڕوويداوە (٥٧٠٢)كەس بووە بە زيادبوونێكى ساڵانە كە ڕێژەكەى(٥٧٠،٢) كەس بووە بەتێكڕاى گۆرانێكى ساڵانە كە ڕێژەكەى(٩,٨%)ە، بەڵام ئەو زيادبوونانەى كە ڕوويانداوە لەژمارەى دانيشتواندا جياوازن لە ماوەيەك بۆ ماوەيەكى تر دەگۆڕين بە پێى بارودۆخى سياسى و ئابورى و كۆمەڵايەتى و گۆرانكارييە كارگێرييەكان كەلەو ماوەيەدا ڕوويانداوە، وەك لە خشتەى(٤)نيشاندراوە، كە دەبينين بەهاى نەرێنى گۆرانكارى لە ژمارەى دانيشتوانى قەزاكە لەماوەى (١٩٨٧_٢٠٠٢) قەبارەى ئەو زيادبوونەى لە دانيشتواندا لەماوەى(١٥) ساڵدا ڕوويداوە (_٢٨٨٤٨) كەس بووە بەزيادبوونێكى ساڵانە كە ڕێژەكەى(_٢) كەس بووە بەتێكڕاى گۆرانى ساڵانە كە ڕێژەكەى(_٤٥%)ە،

هۆكارى ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ :

١_ناسەقامگيرى بارودۆخى سياسى قەزاكە لەم ماوەيەدا كە دووچارى چەندين ڕووداو بۆتەوە كە گرنگترينيان دەسپێكى شاڵاوى ئەنفال لەلايەن ڕژێمى بەعس، كە بووە هۆى ڕووخاندن و چۆڵكردنى گوندەكانى قەزاى كفرى

٢_ ئەو گۆرانكارييە كارگێرييانەى كەلەسنورى ناوچەى توێژينەوە ڕوويداوە بەتايبەت لە دواى ڕاپەڕينى سالى(١٩٩١) و ئازادبوونى بەشێكى هەرێمى كوردستان هەريەكە لەناحييەكانى(قەرەتەپەو جەبارە) لەقەزاى كفرى داپراو بەسترايەوە بە جكومەتى عێراق. ساڵانى(٢٠٠٢_٢٠١٩) دەر كەوتووە بەزيادبوونێكى ڕەها كە ڕێژەكەى(٢٦٤٧٥)كەس لەماوەى(١٧)ساڵدا واتا بەزيادبوونێكى ساڵانە كە دەگاتە(١٣٩٣,٤) كەس بەڕێژەى گۆرانى ساڵانە كە دەگاتە (٧٥,٩%)،



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

بەڵام سەبارەت بەقەبارەی گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان و زیادبوونی ساڵانەو ڕێژەی گۆڕانی ساڵانە کەلەسەر ئاستی دانیشتوانی شارنشین وگوندنشینی قە زاکە کەلەماوەی نێوان ساڵانی توێژینەوە(١٩٧٧_٢٠١٩)دا ڕوویداوە لەخشتەی(٤)شێوەی (٢)دا بەڕوونی دەردەکەوێت.

خشتەی(٤)

ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لەقەزای کفری لەماوەی ساڵانی نێوان(١٩٧٧_٢٠١٩)دا

سەرچاوە/کاری توێژەرپشت بەستن بە داتاکانی خشتەی(١)

| ساڵ | زیادبوونی دانیشتوان (ڕەها) | زیادبوونی ساڵانە | ڕێژەی گۆڕان% |
|---|---|---|---|
| ١٩٨٧_١٩٧٧ | ٥٧٠٢ | ٥٧٠،٢ | ٩,٨ |
| ٢٠٠٢_١٩٨٧ | _٢٨٨٤٨ | _٢ | _٤٥ |
| ٢٠١٩-٢٠٠٢ | ٢٦٤٧٥ | ١٣٩٣,٤ | ٧٥,٩ |
| ٢٠١٩_١٩٧٧ | ٣٣٢٩ | ٧٩,٢ | ٦١,٢ |

شێوەی(٢)

گۆڕانی دانیشتوان لەقەزای کفری لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٩).




**سەرچاوە:کاری توێژەر پشت بەست بەخشتەی(٤)**

ئەم جیاوازییە لە نێوان بەهاکانی ئەم ئاماژانەدا لەسەر ئاستی شارنشین و گوندنشین لەماوەی ساڵانی توێژینەوەدا زیاتر دەبێت، لەکاتێکدا قەبارەی زیادبوونی ساڵانە

لەسەر ئاستی دانیشتوانی قەزای کفری لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا(١٩٧٧_٢٠١٩) گەیشتوەتە(٧٩,٢) کەس، بەشێوەیەک لە ناوچەی شارنشین بەرزدەبێتەوە دەگاتە (٦٠٢,٨)کەس، پاشان لەناوچەی گوندنشین نزم دەبێتەوە دەگاتە (-٥٢٣) کەس، بە شێوەیەکی ڕوونتر دەتوانین گوزارشت لە ڕادەی جیاوازی لەنێوان بەهاکانی ئاماژە گەشەی دانیشتوان لەسەر ئاستی دانیشتوانی قەزاکە بەگشتی و ناوچەی شارنشین و گوندنشین بکرێت، لەڕێگەی ئاماژەکانی ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوان بەشێوەیەک ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی قەزاکە لەماوەی ساڵانی توێژینەوە بریتی بووە لە(٦١,٢%) هەروەها ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین (١٥٢,٦%)، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەی گوندنشین گەیشتۆتە(٥٣_%). لێرەوە دەتوانین بڵێین ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لە نێوان ناوچەی شارنشین وگوندنشیندا لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، وەک لەخشتەی(٥)وشێوەی(٣) نیشاندراوە ئەم جیاوازییە لەناوچەی گوندنشین زیاترە وەک لەشارنشین، هەروەها تێبینی دەکرێت ئاماژەکانی گۆران لەناوچەی شارنشین هەمیشە کۆمەڵە بەهایەکی موجەبن بەڵام لەناوچەی گوندنشین بەهای سالبە وەک

لەپێشتر هۆکارەکەمان ڕونکردۆتەوە.

خشتەی(٥)

ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەقەزای کفری

| ساڵ | شارنشین | | | گوندنشین | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکەکار گێریەکان | زیادبوونی دانیشتوان (ڕەها) | زیادبوونی ساڵانە | ڕێژەی گۆڕان | زیادبوونی دانیشتوان (ڕەها) | زیادبوونی ساڵانە | ڕێژەی گۆڕان |
| ١٩٧٧_١٩٨٧ | ٤٢٨٦ | ٤٢٨,٦ | ٢٥,٨ | ١٤١٦ | ١٤١,٦ | ٣,٤ |
| ١٩٨٧_٢٠٠٢ | ٢٢٤٠ | ١٤٩,٣ | ١٠,٧ | -_٣١٠٨٨ | _٢ | _٧٢ |
| ٢٠٠٢-٢٠١٩ | ١٨٧٩٣ | ١١٠٥ | ٨١,٣ | ٨٨٨٣ | ٥٢٢,٥ | ٧٥,٤ |
| ١٩٧٧_٢٠١٩ | ٢٥٣١٩ | ٦٠٢,٨ | ١٥٢,٦ | ٢١٩٨٩ | -٥٢٣ | _٥٣ |

لەماوەی ساڵانی (١٩٧٧_٢٠١٩).

سەرچاوە/کاری توێژەر پشت بەستن بە داتاکانی خشتەی(١و٤)

شێوەی(٣)

ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەقەزای کفری لەماوەی نێوان ساڵانی(١٩٧٧-٢٠١٩).




**سەرچاوە:کاری تێژەر پشت بەست بەخشتەی(٥)**

## دەرئەنجام:

١. گۆڕانی ڕێژەی دانیشتوانی شار نشین لەقەزای کفری لەساڵی (١٩٧٧)ڕێژەی شارنشین دەکاتە (٣٣%) لەکۆی دانیشتوانی شارنشینی قەزاکە بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠١٩) بەرزدەبێتەوە بۆ (٦٦%) چونکە قەزای کفری سەنتەری زۆربەی خزمەتگوزارییە جۆربە جۆرەکانە کە بە فاکتەری سەرەکی ڕاکێشانی دانیشتوان دادەنرێت.

٢. داکشانی دانیشتوانی گوند نشینی لەماوەی توێژینەوەکەدا بەجۆرێک لەساڵی(١٩٧٧)ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین دەکاتە (٦٧%) بەڵام ئەم ڕێژەیە لەساڵی (٢٠١٩) بەڕێژەیەکی بەرچاو کەمیکردووە بۆ (٣٤%) بە هۆی بارودۆخی سیاسی ناوچەکە و ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان.

٣. جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەنێوان یەکەکارگێرییەکان بەجۆرێک ناحیەی سەنتەرلەساڵی(١٩٧٧) لە(٩٢%) کۆی دانیشتوانی شارنشینی ناحیەکەی پێکهێناوە، لەبەرامبەردا دانیشتوانی گوندنشینی دەکاتە(٨%) بەمەش جیاوازی نێوانیان دەکاتە(٨٤%) ئەمەش جیاوازییەکی زۆرە بەهەمان شێوە دانیشتوانی شارنشین لەساڵی(٢٠١٩) دەکاتە(٩٨%) لەبەرامبەردا دانیشتوانی گوندنشینی لەساڵی(٢٠١٩) دەکاتە (٢%) بەمەش جیاوازی نێوانیان دەکاتە(٩٦%) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە هۆکاری بۆ کۆچی دانیشتوان دەگەڕێتەوەلە گوندەکانەوە بۆ یەکەکارگێرییەکان.

٤. جیاوازی لەنیوان ڕێژەکانی دانیشتواندا بەپێی شوێنی نیشتەجێبون(شارنشین – گوندنشین ) لەنێوان یەکەکارگێریەکاندا هەیە، ئەو یەکە کارگێریانەی کە قەزای کفری لێی پێکدێت. بەرزترین ڕێژەی دانیشتوانی شارنشین لەساڵی(٢٠١٩)ناوەندی قەزای کفریە(٩٨,٣)بەڵام نزمترین ڕێژەی شارنشین لەسەنتەری ناحیەی (کۆکس)دا دەردەکەوێت،کە(٣,٣) بوو.هەروەها هەریەکە لەناحیەکانی(سەرقەڵا، نەوجول، ئاوەسپی) یەک بەدوای یەک (٢٥,٣%،١٤%, ١،٥%)بووە. بەڵام دابەشبوونی دانیشتوانی گوندنشین جیاوازبوو لەدانیشتوانی شارنشین ناحیەی(کۆکس) لەپلەی یەکەمدا هاتبوو لەڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین دەگاتە(٩٦,٧%)لەکۆی دانیشتوانی گوندنشین بەڵام ناحیەی سەنتەر ڕێژەکەی نزمە(١,٧%) تێنەپەڕیوە هەروەها .هەروەها هەریەکە



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

لەناحیەکانی(سەرقەڵا، نەوجول، ئاوەسپی) یەک بەدوای یەک (٧٤,٧%،٨٥,٩%، ٩٤,٩%)بووە. لەکۆی دانیشتوانی گوندنشین

٥. دەتوانین بڵێین ئاماژەکانی گۆڕانی دانیشتوان لە نێوان ناوچەی شارنشین وگوندنشیندا لەساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، ئەم جیاوازییە لەناوچەی گوندنشین زیاترە وەک لەشارنشین، هەروەها تێبینی دەکرێت ئاماژەکانی گۆڕان لەناوچەی شارنشین هەمیشە کۆمەڵە بەهایەکی موجەبن بەڵام لەناوچەی گوندنشین بەهای سالبە، ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی قەزاکە لەماوەی ساڵانی توێژینەوە بریتی بووە لە(٦١,٢%) هەروەها ڕێژەی گۆڕانی دانیشتوانی شارنشین (١٥٢,٦%)، بەڵام ئەو ڕێژەیە لەناوچەی گوندنشین گەیشتۆتە(٥٣_%).

**ڕاسپاردە:**

**لەژێر ڕۆشنای ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوە پێی گەیشتووە ئەم خاڵانە پێشنیاردەکەین:**

١. هاوسەنگی لە دابەشکردنی خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەکانی وەکو(تەندروستی، پەروەردە، پرۆژەی ڕێگاوبان ، ئاو کارەبا.....هتد) بەجۆرێک هەوڵبدرێت هەرخزمەتگوزارییەک لەسەنتەری شارەکان ئەنجامدرا بەشێک لەو خزمەتگوزرایەش بگاتە گوندەکان

٢. هەوڵدان بۆ دووبارە بوژانەوەی گوندەکان و گەڕانەوەی دانیشتوانەکەی بۆ سەر زێدی خۆیان لەڕێگای دابینکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پێداویستیەکانی ژیان بۆ دانیشتوانی گوندەکان و پاڵپشتی کردنی جوتیاران لە ڕووی دابین کردنی پێداویستیەکانی کشتوکاڵی بۆ جوتیاران تاوەکو پاڵنەرێک بێت بۆ کەمکردنەوەی ئەو نا هاوسەنگیەی لەنێوان شارو گوند هەیە لەڕووی ژمارەی دانیشتوان.

٣. ڕێکخستنی سیستەمی گواستنەوە و گەیاندن بۆ ئەوەی بەئاسانی بەرهەمی جوتیارانی گوندەکان بگاتە شارەکان

پاشکۆی(١)

ژمارەی دانیشتوانی شارنشین و گوندنشین لەسەرئاستی قەزاو یەکەکارگێرییەکانی کفری لەماوەی ساڵانی (٢٠١٩-١٩٧٧)

| يەكە كارگێريەكان | ١٩٧٧ | | ١٩٨٧ | | ٢٠٠٢ | | ٢٠١٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | شار نشين | گوند نشين | شار نشين | گوند نشين | شار نشين | گوند نشين | شار نشين | گوند نشين |
| سەنتەر | ١٠١٩<br>٨ | ٨٨٢ | ١٣١<br>٥٣ | ٦٢١ | ٢١٢<br>٧١ | ٤٠٧ | ٣٨٤<br>٦٣ | ٦٧٣ |
| سەرقەڵا | ٥٣٤ | ٦١٩<br>٢ | ١٢٨<br>٧ | ٧٠٧<br>٤ | ١٣٧<br>١ | ٣٩٥<br>٢ | ٢٦٦<br>٦ | ٦٥٣<br>٣ |
| كۆكس | ٣٢٥ | ٧٩٩<br>٥ | ٤٥٢ | ٩٨٩<br>١ | ١٨٧ | ٥٣٦<br>٥ | ٣٠٩ | ٨٨٦<br>٧ |
| قەرەتەپە | ٤٠٩٣ | ١٤٧<br>٣٤ | ٤٢٩<br>٣ | ١٣٠<br>٧٩ | - | - | - | - |
| جەبارە | ١٢١٠ | ٧٣٨<br>٨ | ١٢٠<br>٠ | ٧١١<br>٦ | - | - | - | - |
| نەوجول | ٢٢٥ | ٤٢٤<br>٨ | ٤٨٦ | ٥٠٧<br>٤ | ٢٤١ | ١٣١<br>٠ | ٣٩٩ | ٢١٦<br>٥ |
| ئاوەسپێ | - | - | _ | - | ٤١ | ٧٣٣ | ٦٧ | ١٢١<br>٢ |
| تێكرا | ١٦٥٨<br>٥ | ٤١٤<br>٣٩ | ٢٠٨<br>٧١ | ٤٢٨<br>٥٥ | ٢٣١<br>١١ | ١١٧<br>٦٤ | ٤١٩<br>٠٣ | ١٩٤<br>٥٠ |

[١] حمە، سروە جلال،٢٠١١،ل.٣١.

[٢] حمە، سروە جلال،٢٠١١،ل.٣١.

[٣] شوانى، محمد،٢٠١٣ *ئەنثرۆپۆلۆژياى دانيشتوان*، چاپى يەكەم، چاپخانەئاوير، هەولێر، ل. ١٧٧.

[٤] الدورى، منيب مشعان احمد ،٢٠٠٤، قضاء بلد،دراسة في جغرافية السكان،رسالة ماجستير،(غيرمنشورة) جامعة تكريت كلية التربية،ص.٧٥.

[٥] چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێز كاك (عزيزمحمد عبدالله) بەرێوەبەرى ناحييەى ئاوەسپى لە بەروارى ٢٠٢٥/١/٥

[٦] چاوپێكەوتن لەگەڵ بەرێز كاك(محمد كريم محمد ) فەرماندەيى ليواى(٢٢) فرقەى(٤)لەبەروارى ٢٠٢٤/١٢/١

[٧] حمە، سروە جلال ٢٠١١، ل.٣٥.



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 5
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

[1] عطوى، عبدالله، ٢٠١١، *جغرافية السكان*، دارالنهضةالعربيةللطباعةوالنشر، بيروت،بدون سنة الطبع، ص.٤٩.
[1] حمه، سروەجلال، ٢٠١١،ل.٣٨.
[10] عزيز، سهيل خورشيد، ٢٠١٩،ل ١٨. .
[1] سۆفی، محمد سعيد، ٢٠٠٣، کەرکوک لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا، چاپخانەی بەرهەم،بەبێ ساڵی چاپ، سلێمانی،ل.٢١٩.
[2] چاوپیکەوتن لەگەڵ بەرێز کاک(جلیل رؤوف رشید) ناسراو به جلیل کۆکسی له بەرواری( ٢٠٢٥/٤/١)
[13] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ بەرێز کاک (ساهرعلی جاسم) قائیمقامی ئێستای قەزای کفری، له بەرواری (٢٠٢٥/٤/١٠) .
[14] بەپێی فەرمانی کۆماری ژمارە (٤٠٣)لە ١٩٦٩/٣/٣٠, جەبارە گوند بوو سەربەناحییەی شیروانە، کرا بەناوەندی ناحیە.
[15] چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز کاک (عزیزمحمد عبدالله) بەرێوەبەری ناحییەی ئاوەسپی لە بەرواری( ٢٠٢٥/١/٥)
عزیز، سهیل خورشید, ل. ٥٥. [16]
[17] چاوپیکەوتن لەگەڵ بەرێز کاک(جلیل رؤوف رشید) ناسراو به جلیل کۆکسی له بەرواری ٢٠٢٥/٤/١.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کوردییەکان / نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا:


١. سۆفی، محمد سعيد، ٢٠٠٣، کەرکوک لەناو پاکتاوی ڕەگەزیدا، چاپخانەی بەرهەم،بەبێ ساڵی چاپ، سلێمانی.

٢. شوانی، محمد،٢٠١٣ *ئەنترۆپۆلۆژیای دانیشتوان*، چاپی یەکەم، چاپخانەئاویر، هەولێر.

٣. حـمە ،سروە جـلال، ٢٠١١،شـیکردنەوەیەکی جـوگرافی بـۆ دابەشـبوونی دانیشـتوان لە قەزای شاربازێر،نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە) زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان ،بەشی جوگرافیا.

٤. عزیـز، سـهیل خورشـید ، ٢٠١٩، *ئابوری ناوچەی کفـری لە هەڵکشانەوە بۆ داکشان*، چاپی یەکەم، ، (بەبێ شوێنی چاپ): ڕێکخراوی هاوکاری جیهانی.

٥. حمە، سروە جلال، ٢٠١٩، گۆڕانکاری دانیشتوان لەپارێگای سلێمانی لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٧-٢٠١٢)، لێکۆڵینەوەیەک لەجوگرافیای دانیشتوان) تێزی دکتۆرا(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان.


### عەرەبییەکان / کتێب:


٦. الـدوری، منيـب مشـعان احمـد ،٢٠٠٤، قضـاء بلد،دراسـة في جغرافيـة السكان،رسـالة ماجستير،(غيرمنشورة) جامعة تكريت كلية التربية.

٧. عطوى، عبدالله، ٢٠١١، *جغرافيه السكان*، دارالنهضه‌العربيةللطباعةوالنشر، بيروت،بدون سنة الطبع .

**چاوپێکه‌وتنه‌کان:**

٨. چاوپێکه‌وتنی توێژه‌ر له‌گه‌ڵ به‌ڕێز كاك (ساهرعلی جاسم) قائیمقامی ئێستای قه‌زای كفری، له به‌رواری ٢٠٢٥/٤/١٠.

٩. چاوپێکه‌وتن له‌گه‌ڵ به‌ڕێز كاك (عزیزمحمد عبدالله) به‌ڕێوه‌به‌ری ناحییه‌ی ئاوه‌سپی له به‌رواری ٢٠٢٥/١/٥.

١٠. چاوپیكه‌وتن له‌گه‌ڵ به‌ڕێز كاك(جلیل رؤوف رشید) ناسراو به جلیل كۆكسی- له به‌رواری ٢٠٢٥/٤/١.

١١. چاوپێكه‌وتن له‌گه‌ڵ به‌ڕێز كاك(محمد كريم محمد ) فه‌رمانده‌یی لیوای(٢٢) فرقه‌ی(٤)له‌به‌رواری ٢٠٢٤/١٢/١

سه‌رچاوه:كاری تویژه‌ر به پشت به‌ستن به:_

١- الجهاز المركزي للإحصاء ، نتائج التعداد العام للسكان سنة ١٩٧٧،المصدر السابق، ص٤.
٢- الجهاز المركزي للإحصاء ، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، المصدر السابق، ص١-٢.
٣-. مديرية الاحصاء السليمانية، المؤشرات السكانية والبنى الخدمية والارتكارية لإقليم كوردستان العراق لسنة ٢٠٠٢ ،المصدرالسابق،(بدون رقم الصحفات).
٤-حكومه‌تی هه‌رێمی كوردستان، وه‌زاره‌تی پلاندانان، ده‌سته‌ی ئاماری هه‌رێم به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی ئاماری سلێمانی، داتای پێشبینی بۆ ژماره‌ی دانیشتوانی قه‌زای كفری،٢٠١٩، (داتای بڵاونه‌كراوه).

List of sources:
Kurdish / Master's and Doctoral Thesis:
.١Sofi, Mohammed Saeed, 2003, Kirkuk in the racial cleansing, Barham Printing House, without year of publication, Sulaimani.
.٢Shuani, Mohammed, 2013 Population Anthropology, First Edition, Awir Printing House, Erbil.
.٣Hama, Sarwa Jalal, 2011, Geographical Analysis of Population Distribution in Sharbazher District, Master's Thesis (Unpublished) Sulaimani University, College of Humanities, Department of Geography.

.٤Aziz, Sohil Khurshid, 2019, Economy of Kufri Region from Rise to Decline, First Edition, (Without Place of Publication): World Cooperation Organization.
.٥Hama, Sarwa Jalal, 2019, Population Change in Sulaimani Province between 1977-2012, A Study in Population Geography, PhD Thesis (Unpublished), Sulaimani University, College of Humanities.

Arabic / Book:
.٦Al-Duri, Munib Mash'an Ahmad, 2004, Country Jurisdiction, Study in Geography of Skan, Master's Thesis, (Unpublished) Tikrit University, Faculty of Education.
.٧Atwi, Abdullah, 2011, Geography of Scan, Dar al-Nahdha al-Arabiya Publishing House, Beirut, without a year of publication.
Interviews:
.٨Researcher's interview with Mr. (Sahr Ali Jassim) current governor of Kufri district, on 10/4/2
.٩Interview with Mr. (Aziz Mohammed Abdullah) Director of Awaspi District on 5/1/2
.١٠Interview with Mr. (Jalil Rauf Rashid) known as Jalil Koxi on 1/4/2
.١١Interview with Mr. (Mohammed Karim Mohammed) Commander of Brigade (22) Division (4) on 1/12/2
Source: Researcher's work based on_:
-١Central Statistical Agency, General Population Census Results 1977, previous source, p.
-٢Central Statistical Agency, General Population Census Results for 1987, previous source, pp. 1-2
.-٣Sulaimani Statistics Directorate, Moshrat Al-Sakaniya, Buni Al-Khdmiya and Artkari for the Kurdistan Region of Iraq, 2002, previous sources, (without page numbers.(
-٤Kurdistan Regional Government, Ministry of Planning, Regional Statistical Board, Sulaimani Statistical Directorate, Forecast data for the population of Kufri district, 2019, (unpublished data.(